# هەر قەرزاوی مابوو بەڕێك باوێتە مزگەوتی سۆزی کوردانەوە

محەمەدی مشیر



"قەرزاوی، وەك زانایەکی ئایینی، لە کوێ بوو تا ئەو ڕۆڵە دەرحەق بە کورد ببینێ کە ئەمڕۆکە خۆی لە کوردی دەوێت، کاتێك هەموو جیهانی سوننە مەزهەبی عەرەب بە دیار فیلمی قڕانی کوردەوە فاتیحای بەقڕان هێنانی کوفاریان لێدەداو لە بەرامبەر ڕژێمە شۆڤینستەکەی سەدام ورتەیان لێوە نەدەهات ؟؟"

بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا زانای ئیسلامی بەڕەگەز میسری( یوسف القرضاوي) لە وتارێکیدا سەبارەت بە باری ئاڵۆزی ئێستای عێراق و تەشەنەکردنی شەڕی تایفەیی نێوان سوننە و شیعە داوای لە سەرکردایەتی سیاسی کورد کردووە کە" **ناوبژی لە نێوان سوننە و شیعەکاندا بکا لە عێراق و، ئەگەر بۆشی دەرکەوت هەر لایەکیان خەتابارە لەم شەڕەدا ئەوا لایەنگری لایەنە ئاشتی خوازەکە بکات لەدژی لایەنە شەڕکەرەکەدا وهەر لایەنێکیش بە قسەی کوردانی نەکرد من فەتوادەدەم بە هەموو لایەك لێی بدرێت و، خەڵکیش دەزانێ برایانی سوننە ئێستا لە عێراقدا زوڵمیان لێدەکرێ".**

ئەم لێدوانەی قەرزاوی لەم ئەگەرانەی خوارەوە زیاتر بە خۆیەوە هەڵناگرێت:

١- هەر لە مزگەوتی خانەقاوە بگرە تا بەردەرکی ئەزهەر بۆنی فیتنە و فیتنەگەری پێوە دیارە.

٢- وادیارە قەرزاوی بە دۆخی ناسکی کورد لە عێراقدا ئاگادار نییە و هێشتا نەیزانیوە کە کورد دەمێکە لەم عێراقە تازەیەدا، کە هێشتا زۆرینەی سوننە و شیعە تێیدا کۆسپ دەخەنە بەردەم مافە ڕەواکانی کورد و لە دابینکردنی ئەو مافانەدا خۆدەدزنەوە، هەر لە سەرەتاوە ئەم ڕۆڵەی بە زیادەوە بینیووە، بەڵام لاساری و ڕقی ئەستووری نێوان هەردوو لا هێندە کۆن و هەڵاوسان بە جۆرێ بەرچاوی گرتوون و لە تۆڵەسەندنەوە بەو لاوە هیچی دیکە نابینن و نەتوانن برایانە لە سەر بنەمای هاوولاتیبوونی دیموکراسیانەداو دوور لە شەڕی مەزهەبی لە تەك یەکدا عێراقی کاولبوو بنیات بنێنەوەو ئارامی باڵی بەسەر گەلانی ستەملێکراوی عێراقدا بکێشێ.

٣- قەرزاوی باش دەزانێ زۆرینەی کورد لە عێراقدا سوننە مەزهەبن بۆیە نیازیەتی بەم قسانە سۆزی کوردان ببزوێنێ و بمانکا بەلایەنێکی ئەم شەڕە کاولکارەی بەشی ناوەڕاست و باشووری عێراقی خەڵتانی خوێنی دەیان هەزار کەسی بێگوناە کردووە و ڕۆژانە سەدان خێزان ئاوارەو سەرگەردان دەکات.

لەم ئەگەرانە بترازێ هیچ ئەگەرێکی دیکە و نیازپاکی لەم داوایەی قەرزاویدا نابینمەوە و کورد گوتەنی " فیتەی حەرامزادە لە دوورڕا دیارە"، ئەگەر نا لەم دۆخە ناسکەدا کە کورد خەریکە بە دوای دەستەبەرکردنی هەرچی زیاتری مافەکانی خۆیەتی، بۆ دەبێ ئەم بیرۆکەیە لەم بارە ئاڵۆزەدا بە هزری قەرزاویدا بێت و داوامان لێبکات کارێکی وابکەین، لە کاتێکدا قەرزاوی و ئەمسالی قەرزاوی چاك دەزانن کۆمەڵێك ڕژێمی سوننی مەزهەب و شیعی مەزهەبی ناوچەکە ڕۆڵێکی بالآیان هەیە لە خۆشترکردنی ئاگری ئەم شەڕە کاولکارە ماڵوێرانکارەداو بە ئاشکراو ڕاشکاوانەش بەرپرسانی ئەو وڵاتانە لە میدیاکاندا کەڵپە تیژەکانیان بە خەڵکی عێراق نیشانداوە. بۆ دەبێ مسیۆ قەرزاوی، کە تا دوێنێ کوردی بە عەمیلی ئیسرائیل و ئاژاوەگێڕ و داردەستی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لە قەڵەم دەدا، ئەمڕۆکە بە دۆستی بزانێ و داوای ڕیش سپیاتی لێبکات؟

کورد هیچ کاتێك لە ناوبژیکردنەکانیدا ڕێگەی بە خۆی نەداوە ئەوە بکات کە قەرزاوی ئەمڕۆ داوای لێدەکات، باشە ئەگەر بەقسەی ئەو کورد بڕیاربدا و لایەنە تاوانبارەکە دەستنیشان بکات دەبێ چی بقەومێت؟

کورد بە درێژایی مێژووی خۆی گەلێ جاران خۆبەخشانە ئەم ڕۆڵەی بینیوە بێئەوەی کەسێکی وەك مسیۆ داوای لێبکات، بەڵام هەرگیز ئەوەی دەرحەق نەکراوە تەنانەت ئەگەر خۆشی خواستبێتی کە جیهانی ئیسلام و عەرەب بەرامبەر بەو زوڵم و ستەمەی تووشی هاتووە وەدەنگ بێن و داکۆکی لە مافە ڕەواکانی بکەن.

قەرزاوی، وەك زانایەکی ئایینی، لە کوێ بوو تا ئەو ڕۆڵە دەرحەق بە کورد ببینێ کە ئەمڕۆکە خۆی لە کوردی دەوێت، کاتێك هەموو جیهانی سوننە مەزهەبی عەرەب بە دیار فیلمی قڕانی کوردەوە فاتیحای بەقڕان هێنانی کوفاریان لێدەداو لە بەرامبەر ڕژێمە شۆڤینستەکەی سەدام ورتەیان لێوە نەدەهات ؟

کورد وەك گەلێکی ستەملێکراو هەمیشە بەدوای پەناگەیەکی ئارام و ئاشتیدا بووە و هیچ کاتێك لە گەڵ ئەوەدانەبووە و ناشبێ کە بە دیار چاوانییەوە خەڵکی بێتاوان بە ئاگری شەڕی تایفەیی بسووتێن، بەڵام هەر شتێکیش سنووری خۆی هەیە، ئەوەی ئەمڕۆکە قەرزاوی لە کوردی دەخوازێت باشتر وایە پێشتر لە گەلانی موسڵمانی سوننە مەزهەبی عەرەبی بخوازێت کە فشاربخەنە سەر ڕژێمەکانیان تا چیتر دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەرنەدەن و، ئاوێك بەو ئاگرە دابکەن کە تەشەنەکردنی نەك هەر سوننە و شیعەکانی عێراق، بەڵکو هەموو وڵاتانی ناوچەکەش دەگرێتەوە.

قەرزاوی قەت لە خۆی پرسیوە ئەنجامی ئەم داوایەی کورد بەرەو کوێ دەبات؟ ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان بە خەیاڵی داهاتووە کە بپرسێ بۆچی بەشی هەرە زۆری ئاخوندەکانی جیهانی عەرەب، تەنانەت خۆشی لە گەڵ ئەواندا، زۆر ئاسایی قەبووڵیانە خودان پتر لە بیست دەوڵەت بن، بەڵام گەلێکی ٥٠ ملیۆنی وەك کورد تا ئێستاش ئەو مافەی نەبێت؟ ئەو ئەگەر دەیەوێ کارێکی ئاوا لە کورد داوابکات، سەرەتا پێویستە ئەوە بزانێ کە سەردەم سەردەمی سەلاحەدین نییە و داواکاریشی گەر هەبێ بە عەقڵە قوربان خۆ بە سۆز نییە!!.

Muhammad_mushir@yahoo.com

# ئەمریکا لە نێو مانگدا ئارامە و لە ئەنباریش دەترسێت!!!

غازی حە سە ن

عێراق و دوائاکامی ئە مە ریکا لە م وڵاتە دا بۆتە یە کێك لە کێشە و باسە ڕۆژنامەییەکانی نێو میدیای ئەمریکی و لە نێوەندە سیاسییەکانیشدا بە شێوەی بە ردەوام و بێ بچڕانە وە لێکۆڵینەوەی لە مە ر دەکرێت،، بە رپرسە سیاسییە کانیش بۆ چاکتر رەپێش کردنی پرۆگرامە سیاسییە کانیان و رەخنە گرتن لە رکابە رە سیاسییە کانیان عێراقیان کردۆتە وەرەقە ی هەرە دیاری ناکۆکییە سپییە کانیان.

دیارە دوا بڕیاری جۆرج بۆش بۆ ناردنی ٢١٥٠٠ سەربازی تر بۆ عێراق لەپێناو کۆنترۆڵکردنی ناوچە شڵەژاوەکانی عێراق کە بە سێکوچکەی تیرۆر یان سێکوچکەی سونی نشین ناودەبرێت، بە دوا پێنگاڤی هاوکاری ئەمریکا دادەنرێت بۆ حکومەتی عێراق، کە تاکو ئێستا لە بەر کۆمەڵێك هۆکار نەی توانیوە کۆنترۆڵی باری ئاسایشی بە غداو هە ندێك ناوچەی تر بکات.

لە هەفتەی ڕابردوودا نووسەرێکی ڕۆژنامەی نیۆرك تایمزی ئەمریکی لە وتارێکی ڕەخنە گرانە نووسیبووی، شەرمە ئەمریکا دەتوانێت لە نێو مانگدا ئارامی و ئاسایش دابین بکات و بە سانایی بگاتە نێو مانگ، کەچی نەتوانێت بە پڕ چە کترین سوپاوە لە ترسی نە بوونی ئاسایش بچێتە (ئە نبار).. بۆیە جۆرج بۆش بڕیاری ناردنی ٢١٥٠٠ سە ربازی تر بۆ کۆنترۆڵکردنی باری ئاسایشی عێراق دەدات.

پرسیاری سەرەکی لێرەوەیە، ئایا چی وای کردووە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی نەتوانن باری شڵەژاوی عێراق کۆنترۆڵ بکەن؟.. لە کاتێکدا وەکو بەرپرسەکانی عێراق ڕایانگەیاندووە، ئاگایان لە بڕیاری ناردنی سوپای پتر بۆ عێراق نییە، مالکیش لەتەك ڕەخنە گەرمەکانی جۆرج بۆش سەبارەت بە کەم دەسەڵاتی حکومەتەکە ی لە جێبەجێکردنی ئەو گفتانە ی لە پێناو سەپاندنی ئاسایش داویەتی، دژە ڕەخنەی ئاراستەی جۆرج بۆش کردۆتەوەو دەبێژێت ئێمە لە چەند مانگێکدا توانای دابینیکردنی ئاسایشمان هەیە، ئەگەر ئەمەریکا چەکی باشترمان پێبدات. کورد گوتەنی (راوی ڕێوی بۆ کەوڵەکەیەتی). مالیکی کەتوانای لێکەلاوردنی میلیشیاو سوپای نیزامی و لێکدابڕاندنی دەسەڵاتی مەرجەعیە تی مەزهەبی و ئاینی نییە، بیر لە خۆ پڕ چەککردن دەکاتەوە.

من تێناگەم سوچ لە کامەیە؟ ئەگەر ئەمەریکا هەنوکە لەجیاتی مالیکی شەڕی سونەو تیرۆرو گروپە توندڕەوەکان و پاشماوەکانی بەعس بکات و سەربازی ئەمریکی خوێنیان ڕۆژانە پێشکەش بکەن و بە ملیۆنان دۆلار بۆ درێژە پێدانی شەڕ لە ئەمەریکاوە بۆ یارمەتی عێراق تەرخان بکرێت، نەتوانن کۆنترۆڵی ئەمنی عێراق بکەن، کەچی مالیکی بێژێت ئێمە لە ماوەی چەند مانگێکدا دەتوانین ئەم کارە بە تەنیاو لە ڕێگای هێزەکانی خۆمانە وەبەئەنجام بدەین. واتە مەبەستی مالیکی لە بەر هێزە داگیرکارە دوژمنکارەکانی ئەمەریکایە ناتوانن کۆنترۆڵی باری ئەمنی عێراق بکەن. یا ڕاستر بێژین ڕەنگە وابیر بکاتەوە لە گاڤێکدا ئەمەریکا بڕیاری دەرچوون لە عێراق دەدات ، سوپای ژێر دەسەڵاتی سەرۆك وەزیران پتر دەست کراوە دەبێت بۆ لێدانی لایەنە دوژمنەکەیان کە سونەیە.. ئەو پرۆگرامە سیاسیەی هەشیانە ساناترو کراوەتر لە وەی ئێستا هەیە پیادەی دەکات. ئەمەش دەبێتە کارەساتێکی تر بەسەر ئەو کێشانەی چارەسەر نەکراون و یان لە هەندێك بواردا تازە سەریان هەڵداوە، لە هەمان کاتیشدا ئەم بۆچوونە شەڕی خۆبە خۆی سونە و شیعە دەباتە ئاستێکی زۆر بەرزتر لە وەی ئێستا هەیە.

وەلێ بۆ دەبێت ئەمەریکا هەتا ئێستا نەیتوانیبێت کۆنترۆڵی بارودۆخە کە بکات؟ ئایا تیرۆریستان هێندە خودانی ئەزمونی شەڕو خودانی هاوکاری و پاڵپشتی ناوەکی و دەرەکین.. هەتا تەکنەلۆژیای شەڕو هێزدارترین هێز بەهاوکاری لەشکری ناوەخۆی نەتوانن پێشگیریان لێبکەن؟. شتێك هەیە کە لە نێو ئەمەریکاشدا نەتوانراوە بەدروستی بخوێندرێتەوە، ئەویش ڕون نەبوونی ستراتیژی سیاسەتی جۆرج بۆشە لە عێراقدا!!! کە ڕۆژانە وتاری دەربارە دەنووسرێت. لە بیرنەکەین لە هەمبەریشدا هۆکاری وەکو ئامانجە شاراوە درێژخایەنەکانی دەسەڵاتی بێتوانایی ئێستای حکومەتی عێراقیش هەیە!!!.



# شیوعییەکان لە باخچەدا

ن/ د. مەغازی ئەلبەدراوی
و/ کۆڤان

کاتێك یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١دا هەرەسی هێنا، کەسانێکی زۆر لەو باوەڕەدابوون کە شوعییەت(کۆمۆنیزم) لە جیهاندا کۆتایی هات. بلۆکی شوعییەت لێکهەڵوەشایەوە و ئەو ڕژێمانەی حوکمیان دەکرد دارمان. هەروەها (چین)یش کە پاڵیوراوبوو پێشەنگایەتی شوعییەت بکات، لە بەرنامەی پەرەپێدانی ئابووریيدا بە سەر بازاڕەکانی خۆرئاوادا کرایەوە و بەمەش بەرە بەرە لە شوعییەت دوورکەوتەوە. دەرەنجام دەکرێ بڵێین بلۆکی شوعییەت، کە لە سەدەی بیستدا پێکهات، لێکهەڵوەشایەوەو نەما، بەڵام ئایا ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە شوعییەت لە جیهاندا کۆتایی هات؟

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە فەیلەسوفی ئەڵمانی (کارل مارکس) بکەین، کاتێك ئەو بنەماکانی هزری مارکستی شوعییانەی دارشت، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کە وڵاتانێکی وەکو ڕوسیا و چین ببنە یەکەمین بواری پراکتیزەکردنی تیۆرو بۆچوونەکانی. مارکس ڕێك دەیڕوانییە ئەوروپا، کە تێیدا گەشەی قێزەوەنی سەرمایەداری دڕندەی دەبینی کە بە چ شێوەیەك چینی کرێکار هاندەدات تا کۆببێتەوە و خۆی ڕێکبخاو لە شۆڕشەکەیدا لە دژی سەرمایەداری بکەوێتە جووڵە. بەڵام ئەوروپاییەکان بە حوکمی ڕۆشنبیری و زانستە پێشکەوتووەکانیان درکیان بەمە کردو بە پەلە دژە شوعییەتێکیان لە خودی پڕانسیپەکانی مارکسیزم دروستکردو



پڕانسیپەکانی دادی کۆمەڵایەتییان لە مارکسیزم خواست. بۆ ئەمەش بە شێوەیەکی بەرفراوان بایەخیان دایە دامەزراندنی سەندیکا کرێکارییە دوور لە سیاسەت و حزبەکان و، هەندێ مافیان بەخشیە چینی کرێکار پتر لەوەی کە شوعییەت بە لێنی پێدەدان، لە مەشدا گەشەکردنی بەرچاوی ئابووری و شۆڕشی پیشەسازی لە لایەکیان و، خۆقایمکردنییان لە ڕووی ئاسایش و سەربازییەوە لە دژی شوعییەت و مارکسیزم- لینینیزم (کە لە سۆڤیەت و چینەوە بەرەو جیهان هەنگاویان دەنا) لە لایەکی دیکەدا، هاوکاریان بوو.

ئێستاکە ئایدیاکانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم چوونەتە بوار و شوێنێکی دیکە تاکو دووەمین ئەزموونی خۆیان، لە دوای ئەزموونە ناسەرکەوتووەکەی خۆرهەڵات، ئەنجامبدەن، ئەم شوێنە تازەیە ئەمریکای لاتینە. هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەم شوێنە گەلێ مەترسیدارترە لە خۆرهەڵات سەرباری جیاوازی هێزی ئابووری و سەربازی لە نێوانیاندا. زلهێزەکانی وەکو چین و ڕوسیا دەکەونە خۆرهەڵات کە ناکرێ لە گەڵ کۆمارە هەژارەکانی لاتیندا بەراوورد بکرێن، بەڵام ئەمریکای لاتین مەترسییەکی گەلێ گەورەتر پێکدەهێنێ بە حوکمی ئەوەی هاوسێی پێشەنگی سەرمایەداری نوێیە (ئەمریکا)، کە سەدەیەك دەبێ ئەمریکای لاتین بە باخچەی پشتەوەی خۆی دەزانێ و، لە چوارچێوەی پشتێنی ئاسایشی خۆی حیسابی بۆدەکاو، لێناگەڕێ کەسێك لەوێدا دەسکاری بەرژەوەندەکانی بکا و، تەنانەت کوباش،کە بە قەلای بچووکی کۆمۆنیزم دادەنرێ، نەیتوانیوە هیچ مەترسییەك بخاتە سەر بەرژەوەندەکانی ئەمریکا. سۆڤیەتیش نەیتوانی سوود لەو پێگەیە وەرگرێ کە تەنها چەند هەنگاوێك لەو دیوی سنوورەکانی ئەمریکایە و، کاتێکیش خرۆتشوف ویستی یاری بەکارتی کوبا بکا لە کاتی قەیرانەکەی (( خليج الخنازير)) لە ساڵی ١٩٦٢ دا، چی نەما جەنگێکی ئەتۆمی لە نێوان هەردوو ئۆردوگادا هەڵبگیرسێ، کە ئەمەش وایکرد مۆسکۆ پاشەکشە بکات.

ئێستا ئەمریکای لاتین زەنگی وەئاگاهاتنەوە و شۆڕشی سۆسیالیستی بەهێزەوە بەرامبەر بە واشەنتۆن لێدەدا، ئەم وەئاگاهاتنەوەیە ئەو کاتە دەستیپێکرد کە سەرۆکە شۆڕشگێڕەکەی ڤەنزوێلا(هۆگۆ شافیز) ئاڵای سوورەکانی بەرزکردەوەو مەیدانی لە واشەنتۆن گرت و، لە ماوەی ساڵێکدا ( ٢٠٠٦) پۆلیڤیاشی گرتەوە کە سەرۆکەکەی (ئیڤۆ مۆڕالیس) سیاسەتێکی کۆمۆنیستانەی ڕوشەن دەگرێتە بەر و هەر لە سەرەتاشدا کەرتی نەوتی خۆماڵی کرد تاکو وەئاگاهاتنەوەکە درێژە بکێشێ و بەرەو ئەکوادۆر هەڵکشێ و سەرکردەیەکی کۆمۆنیست(ڕافائیل گۆریا) بێتە سەرکارو، بگاتە نیکاراگواو کۆنە تێکۆشەری کۆمۆنیست و دوژمنی سەرسەختی واشەنتۆن(دانیال ئۆرتیگا) دەسەڵات بگرێتەوە دەست.

لە شیللی دا (میشال باشیلیت)ی سۆسیالیست بووە سەرۆکی وڵات و، نیشانەکانی هەڵکشانی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم لە گەلێ وڵاتی وەکو بەرازیل و پیرۆ وئۆرۆگوای.... وەدیارکەوتوون و هەموو ئەمانەش تەنها لە ماوەی ساڵێکدا.

وڵاتانی کیشوەری ئەمریکای لاتین کۆمەڵێ دیاردەی هاوبەشی وەکو: هەژاری و قەیرانەکانی ئابووری و گەندەڵی و تاوان و مافیاو ماددە بێهۆشکەرەکانیان هەیە. تێکڕای ئەو دیاردە نێگەتیڤانەش دەستی ئەمریکای تێدا هەبووە، لەوەی کە پەرەبستێنن و زەمینەیەکی لەبار خۆشبکەن بۆ هاتنە سەرکاری ڕژێمە کۆمۆنیستەکان و یەکگرتنیان لە بەرامبەر ئەمریکادا. دەشێ ئەم یەکگرتنە ببێتە هەوێنی ئەزموونێکی تازەی کۆمۆنیزم کە ڕەنگە لە بەر لاوازی ئابووری زۆر درێژە نەکێشێ ، بەڵام بە دڵنیاییەوە کاریگەریەکی گەورەی دەبێ بۆ سەر ئەمریکا کە ڕانەهاتووە لە دووری چەند هەنگاوێکدا دوژمنێکی نزیك لە خۆی لە باخچەکەی پشتەوەیدا ببینێت!!

هەرچەندە کە تێکڕای ئەو ڕژێمانە لە ڕێگای هەڵبژاردنی دیموکراسییەوە هاتوونەتە سەرکار، بەڵام ڕەنگە یەکگرتنیان لە تێکۆشاندا لە دژی ئەمریکاو بەرزکردنەوەی ئاڵای سوور و دروشمی کۆمۆنیستانە و هەنگاونانیان بەرەو پێڕەوکردنی سیاسەتی خۆماڵیکردن و، کۆنترۆڵکردنی ئابووری لە لایەن دەوڵەتەوە، هۆکارگەلێك بن بۆ وەرچەرخان بەرەو ڕژێمی گشتگیر و واز لە دیموکراسی و هەڵبژاردن بهێنن و لە ڕێگەی هێزەوە، بە بەهانەی ڕووبەڕووبونەوەی دوژمنی هاوبەشی سەرمایەدار، دەسەڵات مۆنۆپۆلبکەن، بەتایبەتیش کە سەختە یان ئاستەمە بتوانن لە بەرامبەر قەیرانە ئابوورییە سەختەکانیاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

ئەمە قۆناغێکی دووەمی قۆناغەکانی کۆمۆنیزمی جیهانە، بە دڵنیاییشەوە دوا قۆناغ نابێ، ئیدی کێ دەزانێ.. ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان خەونەکەی کارل مارکس بێتەدی و کۆمۆنیزم لە ئەوروپادا سەرهەڵبداتەوە بە تایبەتیش کە پارتە سوسیالیست و کرێکارییەکان ئێستا بە شێوەیەکی بەرچاو لەوێدا چالاکن و پتر لە هەموو شوێنێکیش خۆپیشاندان لە دژی جیهانگیری سەرمایەداریدا بە خۆیەوە دەبینێ!!




# فەرهەنگی ڕێگا

## دیموکراسی

## ( حکومەتی ئایینی )

## Theocracy

تیۆکراسی لەدوو وشەی یۆنانی ( Theos ) بەمانای خوداو ( Kratos ) بەواتای دەسەڵات و حکومەت پێکهاتووە، پێکڕا مانای حکومەتێکە کە لەلایەن خوداوە بێت. لایەنگرانی ئەم جۆرە حکومەتە باوەڕیان وایە کە حکومەت پێویستە لەسەر بنەما ئاینییەکان بنیات بنرێو پێشەوایانی ئایینی تێیدا دەسەڵاتدار بن. لەم جۆرە ڕژێمانەدا ئایینو سیاسەت تێکەڵ دەکرێن. لەڕاستیدا پەیڕەوانی ئەم جۆرە سیستەمە دەڵێن دەبێ دەنگ بە حکومەتێك بدرێت کە لەلایەن خوداوە ڕاسپێردرابێتو یاساو فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ بکاتو، چونکە پیاوانی ئایینی ڕاسپێردراوی خودایین دەبێ لەم جۆرە حکومەتەدا ئەوان ئەرکو بەرپرسیارەتییەکان بگرنە ئەستۆو، هەوڵی پەرەپێدانی یاساو فەرمانە خودایی‌و ئایینییەکان بدەن.

حکومەتەکانی سەرەتای ئیسلامو فەرمانڕەوایانی ڕۆژ لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بە دوو نموونەی حکومەتی تیۆکراسی دادەنرێن، کە حکومەتی ئاینیشیان پێدەگوترێ.

*بەسوود وەرگرتن لە فەرهەنگی ڕامیاری (نیگا) ئامادەکراوە کە لە ئامادەکردن‌و وەرگێڕانی (ئازاد وەڵەدبەگی)یە.